# کاریگەری عیبادەت لەسەر پاککردنەوەی دڵ ودەروون

[ كردي – کوردی – kurdish ]

زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ أثر العبادات في تهذيب النفوس ﴾

« باللغة الكردية »

زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# کاریگەری عیبادەت لەسەر پاککردنەوەی دڵ ودەروون

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود وسڵاو بۆ سەر گیانی پاکی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی وسەرجەم هاوەڵ ویارویاوەرانی هەتا هەتایە، ئەو پێغەمبەرەی(صلی الله علیه وسلم) خوای گەورە لەوەصفیدا فەرموویەتی : {وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ} ...

یەكێك لەجوانی و مەحاسنەكانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەوەیە كە ئاینێكی گشتگیرە بۆ تەواوی بوارەكانی ژیان وەڵامی خۆی پێیە، بەشێوەیەك كە جیاخوازی تێدا بەدی ناكرێت لەنێوان پەرستن و ئاكارو ڕەوشتەكانی مرۆڤدا وە لەنێوان زانست و كرداردا، بەجۆرێك هەموو زانستێك جۆرێك لەكاروكردەوە دەخوازێت ....

گومانیشی تێدا نییە گەورەترین شتێکیش کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام مەبەستیەتی لە تەشریعکردن پەرستن وعیبادەتەکاندا جا بەشێوەی واجب بوون بێت یان لە فەزائلی کارەکاندا بێت ئەوەیە پاککردنەوەی دڵ ودەروون وپوختەکردنی لەهەموو ژەنگ وژارێك ڕەچاوکراوە، بەشێوەیەك ئەو موسڵمانەی کە فەرائزەکانی ئیسلام جێ بەجی دەکات لەژیانیدا دەبێت خو ورەوشتی زۆر جوان بێت بەڕادەیەك لەناو کۆمەڵگەدا وەك نموونەی کەسی ڕەوشت بەرز ئاماژەی بۆ بکرێت، بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکات ئەو کەسە بەزمانی خۆی باسی بکات، هەر ئەمەش ناوەڕۆك وکاکڵە وجەوهەری ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، بۆیە دەبێت ئێمەی موسڵمان بەڕەوشتی بەرز وئاکاری جوان بەرزی وبڵندی ئیسلام بسەلمێنین پێش ئەوەی بە زمان بانگەوازی بۆ بکەین ...

ئەنجامدانی نوێژ کە گرنگترین ڕوکن وپایەی ئیسلامە پاش یەکخواپەرستی (اللهُ) ی پاك وبێگەرد، بۆیە دەبینین یەکێکە لەهەرە هۆکارە گرنگەکان بۆ پاککردنەوەی دڵ ودەروون تەزکیەی نەفس، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی : {وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِۗ وَلَذِكۡرُ ٱللَّهِ أَكۡبَرُۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تَصۡنَعُونَ} {العنكبوت : ٤٥} واتە : ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) نوێژ بەچاکی ئەنجام بدە، چونکە بەڕاستی نوێژ بەرهەڵستی لە گوناهو تاوان و نادروستی دەکات، بێگومان یادی خوا لە هەموو شت گەورەتر و بەنرخترە ( کە دەبێت لە کاتی نوێژ و کاتی تریشدا بیر و هۆشی ئیماندار، دابگرێت ) و خوا خۆی زانایە بە هەموو ئەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن .

هەر لەبەر ئەمەیشە کاتێك بە پێغەمبەری خوادایان ووت: إن فلانا يصلي الليل كله فإذا أصبح سرق.قال: " سينهاه ما

تقول "أو قال: "ستمنعه صلاته". ( رواه أحمد وغيره بسند صححه الألباني رحمه الله) واتە : فڵان کەسێك تەواوی شەو شەونوێژ ئەکات، کاتێکیش کە ڕۆژ دەبێتەوە دەست دەکات بەدزیکردن، ئەویش فەرمووی : ئەوەی کە دەیڵێت ( واتە نوێژەکەی کە ئەنجامی دەدات دەبێت بەرگری لێ بکات لەو کارەی، لە ڕیوایەتێکی تردا فەرموویەتی : نوێژەکەی دەبێت ڕێگری لێ بکات .

لەبەر ئەوە ڕاستی و هەقیقەتی نوێژکردن ئەوەیە تەزکیەی دڵ ودەروونی مرۆڤ بکات وپاکی بکاتەوە لەتەواوی هەموو ڕەوشت وئاکارێکی نەشیاو ناشایستە وخراپ..

ڕۆژوویش مەیەستێکی هەرە مەزن وگەورە کە لە پیناویدا فەرزکرابێت لەسەر باوەرداران ئەوەیە تەقوا و خۆپارێزیان فێربکات لەبەرامبەر فڕوفێڵەکانی شەیتان وهەنگاوەکانیدا، ئەوەتانێ خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی : {يَـٰٓأَيُّهَا

ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ} {البقرة:١٨٣} واته : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بزانن ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانتان لەسەر نووسراوەو فەرز کراوەتە سەرتان، هەروەکو لەسەر ئەوانەی لەپێشتانەوە بوون بڕیاردراو نووسرا، دیارە هەر هۆزو ئوممەتێك، جۆرێ ڕۆژووی بووە، بەڵکو بە تەقوا بن و سنوورەکانی خوا بپارێزن و دەرگای گوناح لەخۆ داخەن و دەرگای هەموو خێرێ لەخۆ بکەنەوە..

تەقوا وپارێزکاریش لای بەندەکانی خودا بەدی نایەت هەتاوەکو خو ورەوشتیان لەگەڵ تەواوی دروستکراو مەخلوقاتەکانی پەروەردگاردا جوان وشیرین نەبێت، هەر لەبەر ئەمیشە پێغەمبەری پێشەوامان (صلى الله عليه وسلم) هەردوو وەصیەتی تەقوای خودا ورەوشت جوانی لەگەڵ مرۆڤەکاندا کۆکردۆتەوە وفەرموویەتی : "اتق الله حيثما كنت، وأتبع

السيئة الحسنة تمحها، وخالق الناس بخلق حسن "{ رواه الترمذي وقال: حديث حسن، وفي بعض النسخ: حسن صحيح } واته :تەقوای خودات هەبێت لەخواد بترسە لەهەرکوێیەك بوویت،وە بەدوای هەموو کاروکردەوەیەکی خراپدا چاکەیەك بکە دەیسڕێتەوە، وە لەگەڵ خەڵکیدا بەڕەوشتی جوان وشیرین هەڵسوکەوت بکە..

بەڵام بەداخەوە هەندێك کەس واگومان دەبەن ئەگەر هاتوو کەسێکی خواپەرست وعیادەت زۆرکەر بوون ئیتر هیچ کرنگ نییە رەوشتیشیان لەگەڵ خەڵکی جوان نەبێت، بۆیە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) وەك پەروەردەکار ومامۆستایەکی ڕەوشت بەرز هەردوو صیفاتی تەقوا وخورەوشت بەرزی بەیەکەوە لەم فەرموودەیەدا کۆکردۆتەوە، بەشێوەك دەیەویت پێمان بڵێت کە خواناسی بەبێ ڕەوشت

بەرزی وئاكاری حوان هیچ مانایەكی نابێت بۆ ژیان درەختێكی زڕ وبێ بەرهەم دەبێت ...

هەروەك دەبینی چۆن ئەو پێشەوا ئازیزە تەوجیهو ئاڕاستەی ڕۆژووەوانان دەكات كە دەبێت لەكاتی ڕۆژوو گرتنیاندا زۆر بەئارام بن وەڵامی كەسانی هەرزە و شەڕخوازیش نەدەنەوە وەك دەفەرموێت : " فإذا كان يوم صوم أحدكم فلا يرفث ولا يصخب، فإن سابه أحد أو قاتله، فليقل: إني صائم" {رواه البخاري} واتە : ئەگەر كەسێك لەئێوە بەڕۆژوو بوو با قسەی نابەجێ و ناشایستە نەكات، وە هەركاتێكیش كەسێك جنێوی پێدا یان شەڕی لەگەڵ كرد لەوەڵامیدا بابڵێت : من بەڕۆژووم..

زەكاتیش یەكێكە لەو عیبادەتانەی كە خوای گەورە فەرزی كردووە لەسەر ئوممەتی ئیسلام ویەكێكیشە لەو هۆكارە گەورانەی كە دەبێتە هۆی پاككردنەوەی دڵ ودەروونی باوەڕدار

له صیفەتەکانی بەخیلی ورژدی وحەسوودی وخودپەسەندی، نەك هەر ئەوەندە تاکە هۆکارێکیشە بۆ چاندنی مانا بەرزەکانی ڕەوشت وسۆز ومیهرەبانی وبەزەیی هاتنەوە بەیەکتردا، هەر بۆیە خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی :{خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا} {التوبة :١٠٣} واتە : لە سامانی دەوڵەمەندەکان زەکات و سەدەقە وەرگرە، تاوەکو دڵ و دەروونیانی پێ پاك ببێتەوە ، ولەگوناهەکانیان پاك ببنەوەو، چاکەکانیان فراوان ببێ و دەشگەنە پلەی هەرە بەرز ..

حەجیش ڕوکنی پێنجەمی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، ئێمەش کاریگەریەکی تەواو وگەورەی تێدا بەدی دەکەین لەچاکسازی وپاککردنەوەی ڕەوشت لەخوە خراپ ونەگریسەکان، ئەی ئەوە نییە خوای گەورە لەوەصفی ئەم ڕوکنە پیرۆزەدا دەفەرموێت: { الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلاَ رَفَثَ وَلاَ

فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ{البقرة:١٩٧} واته : مانگەکانی ئیحرام بەستن بەحەج : چەند مانگێکی دیاریکراون، ئەمەیش هەرلە ئیبراهیمەوە (علیه السلام) هەتا ئێستا هەر وابووە، واته: کاتی ئیحرام بەحەج بەستن تەنها مانگی شەشەڵان و ناو جەژنان و دە رۆژەی سەرەتای مانگی حەجە، کەوابوو پێش ئەوانە یادوای ئەوانە ئیحرام بەحەج دانامەزرێ، ئینجا هەرکەسێ بڕیاریدا لەو مانگانەدا حەج بکاو، ئیحرامیشی بۆ بەست، دەبێ چاك بزانێت کە توخونی ژنان کەوتن و بەدکاریکردن و ناو و ناتۆرە لێکهەڵدان ودەمەقاڵێ و قڕە لەگەڵ یەکتر کردن و شەڕو هەرا لەحەجدا نین، واته: دەبێ دەست لەو کردەوانە هەڵگرێ، هەتا ڕێزی ماڵی خواو، رێزی کارو کردەوەکانی حەج و عومرەی تیا دەرکەوێت .

کاتێکیش پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕاڤەی حەجێك دەکات و بە حەجێکی مەبروری ناو دەبات دەفەرموێت : ئەو

حەجە دەبێت حەجێك بێت نەرم ونیانی و خواردن بەهەژارانی تێدا بێت ..

هەر بۆیە دەبینین ئەو حاجیانەی لەمانانی تەواوی حەج تتیگەیشتوون هەڵسوکەوت ومامەڵەیان لەگەل برادەر وهاوڕێکانیاندا زۆر جوانە وبەهەموو شێوەیەك هەوڵ ئەدەن شتێك نەکەن دڵی برایەکیان گەرد بگرێت، بەهەموو شێوەیەك ئارام دەگرن لەسەر هەر ڕەوشتێکی ناشایستە بەرامبەریان بکرێت، بەئومێدی ئەوەی خوای گەورە پاداشتی چاکیان بداتەوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو تێرادەمێنن و وورد دەبنەوە بزانن کێ پێویستی بە یارمەتی وهاوکارییە ئەوانە بۆی ئەنجام بدەن، ئەگەر پیرێکە کۆڵێکی بۆ هەلبگرین، ئەگەر حاجییەکی وون بووە یارمەتی بدەن جێگاکەی بۆ بدۆزنەوە، ئەگەر پارەی لێ بڕاوە بەپێی توانا دەستگیرۆی بکەن...

خۆ ئەگەر تەواوی باوەڕداران بەم گیانەوە لەماناکانی عیبادەت وپەرستەنکانیان تێبگەشتنایە ئەوا ڕەوشت وسلوکی زۆرێکمان ڕاست دەبوویەوەو پەیوەندی نێوانمان پڕ دەبوو لە خۆشەویستی وسۆز ومیهرەبانی، بەڵام بەداخەوە زۆرێکمان کاریگەری عیبادەت بەسەریەوە تەنها چەند ساتێکی کەمەو و نەبووە بە صیفاتیك هەمیشەیی و لێی جیا نەبێتەوە، ئەمەش بێگومان خەلەل ودرزێکە کەوتۆتە نێو پەرستنەکانمان وهەمیشە پێویستی بە بیرخستنەوە هەیە کە تێبگەین گەورەترین مەبەست لە تەشریعکردنی عیبادەتەکاندا پاککردنەوەی دەروون وڕاستکردنەوەی ئەو تێگەشتنە هەڵانەیە کە زۆرێکمان بەهەڵە لێ تیگەشتوین ...

خوای گەورە ڕەوشتی هەموولایەکمان جوان بکەیت و وامان لێ بکەیت کە بەرەوشتی جوانمان هۆکاری هیدایەتی

خەڵکی بین، نەوەك خوانەخواستە بەڕەوشتی ناپەسەندمان ببین بە بار بەسەر ئیسلامەوە ...